ئەرشیفی بابەتەکانی فێرگەی هەموو بۆ کوردان

## پاراستنی کۆمپیوتەر لە هاکەر.

نووسەر: @:

پاراستنی کۆمپیوتەر لە هاکەر.
لە وانەی پێشوودا کە تایبەت بوو بە بواری ئەمنیەتی کۆمپیوتەر، چۆنیەتی کۆمپیوتەر پاراستن لە ڤایررسەکانم شیکردەوە.
لەم بابەتەدا بە شێوەیەکی هەندێک کورتر باسێک سەربارەت بە هاکەر و چۆنیەتی کۆمپیوتەر لێ پاراستنی شی دەکەمەوە، هیوادارم بەسوود بێت.
هاکەر کێیە؟ و چی دەوێت؟
هاکەر ئەو کەسەیە کە لە ڕێی ئینتەرنێتەوە بە شێوەیەکی نایاسایی دەچێتە نێو کۆمپیوتەری کەسێکی دیکەوە، بە مەبەستی جۆراوجۆر. هاکەر کاتێک دەتوانی بچێتە نێو کۆمپیوتەری کەسێکی دیکەوە کە کەسەکەی دیکە خۆی بە ئینتەرنێتەوە بەستبێتەوە.
هاکەرەکان جۆریان هەیە، هاکەر هەیە کە بە مەبەستی وەدەستهێنانی زانیاریەکی تایبەت دەچێتە نێو کۆمپیوتەرێکەوە و ئەو کۆمپیوەتەرەی کە دەیەوێ بچێتە نێویەوە دیارە و هەر ئەوەی دەوێ.
جۆرێکی دیکەش کە بەشێوەیەکی گشتیی دەیەوێ بچێتە نێو کۆمپیوتەرەکانی دیکەوە و زانیاری بەدەست بێنێت و لەوانەشە کۆمپیوتەریش تێکبدات.
بۆ چۆنیەتی کۆمپیوتەر پاراستن لە هاکەران ڕێگە زۆرە، بەڵام یەکەم شتێک کە دەبێتە هۆی ئەوەی هاکەر بەئاسانی بتوانێ بچێتە نێو کۆمپیوتەرێکەوە، ئەوەیە کە ئەو کۆمپیوتەرە زۆر Port ـی کراوەی هەیە و ڕێگە خۆشکەرن بۆ هاتنە ژوورەوەی هاکەر.
لە ویندۆز XP دا تایبەتمەندیەکی نوێ لەبەشی ڕایەڵەیدا زۆر کراوە ئەویش ئاگرەدیوارە Firewall.
ئاگرەدیوار کاری ئەوەیە کە ئاگادری ئەو پۆرتە کراوانە بێت و تەنیا بۆ مەبەستی پێویست بەکار ببرێن یان کراوە بن.
بەڵام ئەو ئاگرەدیوارەی ویندۆز بەشێوەیەکی ورد ئەو کارانە جێبەجێ ناکات، هەڵبژاردن و ڕێکخستنەکانی بەپێی هەندێک پێویستی نەگونجاوە.
پاش دەرچوونی SP2 - Service Pack 2 لەلایەن مایکرۆسۆفتەوە، ئاگرەدیواری ویندۆز بەشێوەیەکی گشتیی چاک کراوە و هەڵبژاردن و ڕێکخستنەکانی زۆر کراون.
دەتوانی لێرە بابەتێک بخوێنیتەوە سەبارەت بە SP2.
پرۆگرامی دەرەکیش هەیە بۆ جێبەجێ کردنی هەمان کار، پرۆگرامەکان زۆرن و بەباش پێناسەکردنی یەکێکیان لەوی دیکەیان شتێکی ئاسان نیە.
من بۆ خۆم پرۆگرامی Norton Internet Security بەکار دێنم، کە ئاگرەدیوارێکی چاک و هەندێک تایبەتمەندی دیکەی بواری ئەمنیەتی کۆمپیوتەری لە خۆ گرتووە.



پرۆگرامێکی ئاگرەدیوار بە شێوەیەکی گشتیی چاوەدێری ئەوە دەکات کە هەر پرۆگرامێک چۆن خۆی دەبەستێ بە ئینتەرنێتەوە و کام Port بەکار دەبات، یان ئەو پرۆگرامە خۆت (بەکارهێنەری کۆمپیوتەر) دەتەوێ خۆی ببەستێ بە ئینتەرنێتەوە یان نە!.
بۆ زانیاری زۆرتر و سەبارەت بە پرۆگرامەکانی دیکە دەتوانی سەردانێکی ئەم بەستەرەی خوارەوە بکەیت (ئینگلیزی).
Personal Firewall Reviews
بە ڕێگە پێدانی هەر پرۆگرامێک بۆ خۆ بەستنەوە بە ئینتەرنێتەوە، مانای وایە پۆرتێکی نوێ دەکرێتەوە، هەر پۆرتێکیش کە کرایەوە مانای وایە دەرگایەکی دیکە کراوە دەبێت بۆ هاکەر گەر پرۆگرامێکی ئاگرەدیوار نەبێت بۆ چۆنیەتی کارکردنی ئەو پۆرتە.
کۆتایی.
بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی گشتیی دڵنیا بیت لەوەی کە کۆمپیوتەرەکەت پارێزراوە، چاکتر وا یە سەبارەت بە کۆمپیوتەر پاراستن لە پەڕگەکانی Adware هەندێک بخوێنیتەوە. بۆ ئەو مەبەستەش دەتوانی سەردانی ئێرە بکەیت.

Oct 2005 13

Make Your Donation Today
Help Rebuild Lives & Communities in Hurricane Affected States.
آگهی های سرویس عمومی گوگل
تبلیغات در این سایت